

عێراق

# راپۆرتی چالاکیەکان 2025

ICRC

راپۆرت




M. Khalaf/ICRC

# هەلومەرجی ئۆپەراسیۆن لە 2025 دا

کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور، کە لە دەسپێکی جەنگی نێوان ئێران و عێراق لە ساڵی 1980ەوە لە عێراقدا ئامادەیی هەیە، کاردەکات بۆ بەدەمەوەچوونی لێکەوتە مرۆییەکانی ناکۆکیە چەکداریەکان و دۆخەکانی دیکەی توندوتیژی لە سەرانسەری وڵاتدا. لە کاتێکدا ئۆپەراسیۆنە سەربازییە بەرفراوانەکان کۆتاییان پێهاتوە. گرنگی زیاتر دراوە بە گەیاندنی زانیاری، هەوڵەکانی بوژاندنەوە و ئاوەدانکردنەوە؛ لە کاتێکدا خەڵکێکی زۆر لە سەرانسەری عێراقدا هێشتا پێویستیان بە کۆمەک و پشتگیری مرۆیی هەیە.

وەک بەشێك لە ئۆپەراسیۆن و چالاکیەکانی لە وڵاتدا لە ساڵی 2025، لە کاتێکدا شێوازی کار و چالاکیەکانی خۆی بەگوێرەی دۆخی ئێستا دەگونجێنێت و لە گەیاندنی راستەوخۆی خزمەتگوزاریە مرۆییەکانەوە دەگۆرێت بۆ کارکردن لەگەڵ هاوبەشەکانیدا، لەوانەش نوسینگە و خزمەتگوزاریەکانی حکومەت بۆ بەهێزکردنی تواناکانیان، نێردەی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە عێراقدا هەوڵ دەدات دڵنیابێت لەوەی کە:

- **ئەو کەسانەی لە ئازادی بێبەش کراون**، سوودمەند دەبن لە هەلومەرجی ژیانی گونجاو، لە دەستوێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریەکان و پارێزگاری لێیان لەدژی مامەڵەی ناپەسەند. هەروەها جێوشوێنیان ئاشکران.
- سۆراخکردنی **کەسانی بێ سەروشوێن** ئەنجام دراوە، شوناس و چارەنووسیان یەکلایی کراوەتەوە، هەروەها خێزانە بێدەرەتانەکانی کەسە بێ سەروشوێنەکان توانستیان باشتر دەکەن بۆ روبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ مەینەتیەکانی پەیوەست بە بێ سەروشوێنی کەسە نزیکەکانیانەوە.
- مافی ئەو **لێقەوماوانەی کە توشی توندوتیژی نوێ دەبنەوە** لەڕوی پارێزگاریکردن و دەسوێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، رێزیان لێگیراوە، ئەمەش لە دەرئەنجامی هەوڵەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور و هاوبەشەکانی بزوتنەوەی مانگی سوور/خاچی سوورەوە.
- **ئەو کەسانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن**، دەتوانن دەستیان بگات بەو بەرنامە و خزمەتگوزاریانەی کە یارمەتیان دەدات توانای تەواویان لە کۆمەڵگەدا بەدەست بهێنن.
- توانستە دامەزراوەیی و ئۆپەراسیۆنەکانی **مانگی سووری عێراق** بۆ وەڵامدانەوەی پێویستیە سەرهەڵدراوەکان بەهێزتر بوون لە ئەنجامی پشتگیری هەماهەنگکراو لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور و هاوبەشەکانی بزوتنەوەی خاچی سوور/مانگی سوورەوە.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، نێردەی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەشداری کرد لە گفتوگۆکان لەگەڵ دەسەڵات، لایەنە پەیوەندارەکان و دانیشتوانی زیانلێکەوتوو، هەروەها بە هاوبەشی لە نێو و دەرەوەی بزوتنەوەی (مانگی سوور/ خاچی سوور)، بە تایبەتی لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق کاری کرد بۆ زێدەکردنی کاریگەری و پەیوەستی کارەکانی.

لە ساڵی 2025دا، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەردەوامی دا بە کاروچالاکیەکانی بۆ دڵنیابوونەوە و دەستەبەرکردنی پارێزگاریکردن و کۆمەکی مرۆیی بۆ لێقەوماوانی ناکۆکیە چەکداریەکان و دۆخەکانی دیکەی توندوتیژی لە عێراقدا. هەروەها هەوڵی داوە رێگری لە ئازارچەشتن بکات لەرێی بەرەوپێش بردن و بەهێزکردنی یاسای مرۆیی و بنەما مرۆییە جیهانیەکان. زۆرێک لە کاروچالاکیەکانمان بە هەماهەنگی و هاوکاری نزیک لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق و هاوبەشەکانی دیکە ئەنجامدرا.

کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور، وەک رێکخراوێکی بێ لایەن و سەربەخۆ، بەپێی ئەرک و راسپێری خۆی کاردەکات، کە سەرچاوەی گرتوە لە رێککەوتننامەکانی جنێڤی ساڵی 1949 و پرۆتۆکۆڵە زیادکراوەکانی، و پەیرەونامەی بزوتنەوەی خاچی سوور و مانگی سووری نێودەوڵەتی هەروەها بڕیارنامەکانی کۆنفرانسە نێودەوڵەتیەکانی خاچی سوور و مانگی سوور. وەک رێکخراوێکی جیاوازی نەکەر و سەربەخۆ، جەخت دەخاتەسەر مسۆگەرکردنی پارێزگاریکردن و کۆمەکی مرۆیی بۆ لێقەوماوانی جەنگ و دۆخەکانی دیکەی توندوتیژی. هەروەها کاردەکات بۆ بەدەمەوەچوونی حاڵەتە فریاگوزاریەکان، لە هەمان کاتدا، رێزگرتنی یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی و جێبەجێکردنی لە یاسای نیشتیمانیدا بەرەوپێش دەبات.




# ئەو کەسانەی لە ئازادی بێبەشکراون

کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور سوورە لەسەر پابەندبوونەکانی لە راگرتنی مافەکان و کەرامەتی دەستبەسەرکراوان لە عێراقدا، ئەمەش لەژێر رۆشنایی پرەنسیپەکانی یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی. لەرێی سەردانە بەردەوامەکانمان کە بە رێککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق و بەوپەڕی رێز لە نهێنی و تایبەتمەندێتیانەوە ئەنجام دەدرێن، هەوڵ دەدەین دەرفەتی گفتوگۆی کراوە و دوولایەنە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی گرتوخانەکان فەراهەم بکەین، بە مەبەستی دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی هەر نیگەرانیەکی مرۆیی کە دەشێت سەرهەڵبدات. لە رێی کاری چاوپێکەوتن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی گرتوخانە و دەستبەسەرکراواندا، هەوڵ دەدەین دڵنیابین لەوەی کە مافە بنەڕەتیەکانی دەستبەسەرکراوان پارێزراوە، لەوانەش دەسوێڕاگەیشتن بە پڕۆسەی دادوەری دادپەروەرانە و هەلومەرجی گونجاوی ژینکردن.

سەرەرای ئەوەش، ئێمە لە نزیکەوە کار دەکەین لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندارەکان کە بەشدارن لە دەستبەسەرکردندا، کە ئەمەش دەبێتە برەودان بە کارنامە و چوارچێوە یاساییەکان بە ئامانجی پاراستنی ماف و خۆشگوزەرانی دەستبەسەرکراوان.

هەروەها هەوڵ دەدەین ئازارەکانی خێزانەکانیان کەم بکەینەوە، بە تایبەتی لەرێی گەڕاندنەوەی پەیوەندیی نێوان دەستبەسەرکراوان و کەسوکاریان لەرێی نامەکانی خاچی سوورەوە.

## سەردانی گرتوخانەکان

- ئەنجامدانی **62** سەردان بۆ **28** گرتوخانە، کە زیاتر لە **52,251** دەستبەسەرکراو تێیاندا گلدراونەتەوە.
- زێدەتر لە **7,100** دەستبەسەرکراو لەلایەن نێردراوانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە بەدواداچوونی تاک کەسیان بۆکرا.
- زێدەتر لە **1,900** نامەی خاچی سوور لە دەستبەسەرکراوان وەرگیرا و کۆکرایەوە و زیاتر لە **1,800** نامە بەسەریاندا دابەشکرا. هەروەها زیاتر لە **130** سەلامات (نامەی زارەکی بۆ ئەندامانی خێزان) لە بەرژەوەندی دەستبەسەرە سەردانکراوەکان ئاڵوگۆڕکرا.

## چاودێری تەندروستی لە گرتوخانەکاندا

- **23,675** دەستبەسەرکراو باشتر دەستیان گەیشت بە چاودێری تەندروستی لەڕێی پشتگیری تەکنیکی و بەخشینی ئامێری پزیشکی بۆ شەش دامەزراوەی گرتوخانە لە سەرانسەری عێراقدا.
- پشتگیری تەکنیکی و راو سەرنج بە بەشی تازە دامەزراوی خزمەتگوزاری تەندروستی لە گرتوخانەکانی سەربە وەزارەتی تەندروستی پێشکەش کرا.

## بارودۆخی ژیانکردن (ئاو و نیشتەجێبوون) لە گرتوخانەدا

- **13,100** دەستبەسەرکراو لە شەش گرتوخانەدا سوودیان لە باشترکردنی ژێرخانی خانەکانی ژیانکردن و ئەو ناوچانەی تایبەت بە هەواگۆڕکێ وەرگرتوە، هاوشان لەگەڵ بەرزکردنەوەی ستانداردەکانی دیزاینەکان بۆ ژینگەیەکی مرۆڤانەتری گرتوخانە.
- **21** ئەندازیار و توێژەری کۆمەڵایەتی لە خزمەتگوزاریە چاکسازییەکانی عێراق سەر بە وەزارەتی داد، تواناسازی خۆیان لە بواری پلاندانان و دیزاینی گرتوخانەکاندا بەرزکردەوە، ئەمەش لەڕێی وێرکشۆپێکی تایبەتی سێ رۆژە کە تیشکی خستبووە سەر ستانداردە نێودەوڵەتیەکان و بنەماکانی دیزاینی مرۆڤانە.

## کۆمەکی ئابوری لە گرتوخانەکاندا

- **37,710** دەستبەسەرکراو سوودمەندبوون لە کۆمەکی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور، ئەمەش بە وەرگرتنی کەلوپەلی پاکژی، جل و بەرگ و پێخەف، بەمەبەستی باشترکردنی بارودۆخی ژیان و دڵنیابوون لە دەستوێڕاگەیشتن بە پاکوخاوێنی سەرەتایی سەلامەتتر.

## داکۆکیکردن و بەشداریکردن

- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور دیالۆگەکانی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکاندا پەرەپێدا سەبارەت بە بارودۆخی دەستبەسەرکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ دەستبەسەرکراواندا، ئەمەش لەڕێی ئەنجامدانی وێرکشۆپ و ئاسانکاریکردن بۆ گروپەکانی کارکردن. ئەم جەلسانە تیشکیان خستە سەر پلاندانان و دیزاینی گرتوخانەکان، چاودێریی تەندروستی لەناو گرتوخانەکاندا، کە لایەنەکانی تەندروستی دەرونی و پشتگیری دەرونی-کۆمەڵایەتی دەگرتەوە، هەروەها بەڕێوەبردنی مرۆڤانەی گرتوخانەکان و دەستبەسەرکراوان.
- نوێنەرایەتییە کونسوڵگەرییەکان لە عێراق یان لە دەرەوەی وڵات، هەروەها ئەنجومەنی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەران ئاگادار کرانەوە سەبارەت بە **350** دەستبەسەرکراوی بیانی. دیالۆگی چالاکانە لەگەڵ دەسەڵاتانی عێراق و باڵیۆزخانەکان بەردەوام بوو سەبارەت بە دۆخی زیاتر لە **600** دەستبەسەرکراوی بیانی و منداڵەکانیان لە عێراقدا.
- **دوو** مێزگرد لەگەڵ دەزگا ئەمنیەکان و دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا رێکخرا، کە تیشکیان خستبووە سەر ستانداردە نێودەوڵەتی و نیشتمانیەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەستبەسەرکراوان. سەرەڕای ئەوەش، **یەک** مێزگرد لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری لە عێراقی فیدراڵیدا بەڕێوەچوو. **دوو** وێرکشۆپ بۆ چاودێرانی گرتوخانە لە وەزارەتی داد و وەزارەتی ناوخۆ ئەنجامدران، کە تێیدا باس لە ستانداردە نێودەوڵەتیەکان بۆ بەڕێوەبردنی مرۆڤانەی دەستبەسەرکراوان و پارێزبەندیەکانی دیکە کرا.




# کەسە ونبووەکان و خێزانانیان

زۆر کەس لە جەنگەکاندا بێ سەروشوێن دەبن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئازار و نادڵنیایی بۆ خێزانەکانیان و هاوڕێیانیان. لە چوارچێوەی هەوڵە جیهانیەکانی دەزگای ناوەندی سۆراخکردن، -یەکێک لە کۆنترین دامەزراوەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورە کە چەسپێنراوە لە ڕێککەوتننامەکانی جنێڤدا-، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور هەوڵ دەدات پەیوەندیی نێوان ئەندامانی خێزانە دابڕاوەکان بگەڕێنێتەوە، بگەڕێت بەدووی کەسە ونبووەکان و مردوان، شوناسیان دەستنیشان بکات، پارێزگاری بکات لە کەرامەتی مردوان، هەروەها دڵنیابێتەوە لەوەی کە پێداویستیەکانی خێزانەکانیان لە عێراقدا دابین دەکرێت.

نێردەی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لەڕێی پەیوەندی ڕاستەوخۆ و یاوەریکردنی خێزانانی کەسە بێ سەروشوێنبووەکان ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات، هەروەها لەڕێی پشتگیریکردنی لایەنەکانی پزیشکی دادوەری و دەسەڵاتانی دیکە و لایەنە پەیوەندارەکان. هەر لە پشتگیری ڕۆژانە بۆ ئۆپەراسیۆن تا پەرەپێدانی پەیڕەوکاریی و یاسایی، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور هەوڵ دەدات دڵنیابێت لەوەی پابەندبوونەکان بە یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی جێ بەجێ دەکرێن، لەوانەش مافی خێزانان بۆ زانینی چارەنووس و جێوشوێنی ئازیزە ونبووەکانیان.

بەم هەستەوە، نێردەی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە عێراقدا لە نزیکەوە کاردەکات لەگەڵ نێردەی وڵاتانی دیکە، کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق و ئەندامانی بزوتنەوەی مانگی سوور/خاچی سوور لە ناوەوە و دەرەوەی عێراقدا، بۆ ئەوەی وەڵامێکی هەمەلایەنە بەردەست بخات بۆ ژمارەیەکی بەرچاوی حاڵەتەکانی بێ سەروشوێن بوون کە لە ئەنجامی دەیان ساڵ لە ناکۆکی و توندوتیژی لە عێراقدا هاتونەتە ئاراوە. ئەمە سەرۆکایەتی کردنی لێژنە سێ قۆڵیەکانیش دەگرێتەوە بۆ ڕونکردنەوەی چارەنووس و جێوشوێنی ئەو کەسانەی کە لە میانی دوو جەنگی کەنداوی نێوان عێراق- ئێران و عێراق- کوەیت بێ سەروشوێن بوون.

## یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ونبوان

- زیاتر لە **1,200** حاڵەتی نوێی ونبوون ڕاپۆرتکران بۆ کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە عێراقدا. لە هەمان ماوەدا، چارەنووسی 517 کەیس یەکلایی کرانەوە، کە ئەمەش دڵنیایی و ئاسودەییەکی زێدە پێویستی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ کەسوکار و ئازیزانی کەسە بێ سەروشوێنەکان.

## پشتگیری دەسەڵاتداران، بەشداریکردن و داکۆکیکردن

- **568** کەس لە دەزگاکانی دەوڵەتەوە بەشداریان کرد لە **40** ڕاهێنانی تایبەتمەند، کە توانا تەکنیکیەکانیان باشتر کرد بۆ چارەسەرکردنی کەیسەکانی کەسانی ونبوو و بەدەمەوەچوونی کاریگەرانە بۆ قوربانی کەوتنەوەی بەکۆمەڵ لە کاتی دۆخە فریاگوزاریەکاندا.
- بۆ دڵنیابوون لە کاریگەریی درێژخایەنی بەردەوام، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور هاوکاریەکانی لەگەڵ لایەنە سەرەکیەکانی پزیشکی دادوەری بەهێزکرد بۆ بەرزکردنەوەی توانستی عێراق بۆ سۆراخکردن و شوناسکردنی ڕوفاتی کەسانی ونبوو.
- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور هاوکاری تایبەتمەند و ئامۆژگاری تەکنیکی پێشکەش کرد بە دەسەڵاتە نیشتمانیە پەیوەندارەکان بە ئامانجی دامەزراندنی تۆمارێکی یەکگرتو بۆ هەموو کەسانی بێ سەروشوێن و بۆ ئاسانکاری کردن لە هەماهەنگی نێوان لایەنەکان.

- نوێنەرانی دەسەڵاتە پەیوەندارەکانی کۆماری سودان سەردانی عێراقیان کرد و لەگەڵ چەندین لایەنی بەرپرسی بواری کەسانی بێ سەروشوێن کۆبوونەوە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونەکان و فێربوون لەبارەی باشترین پراکتیزەکان لە عێراقدا، کە وەک خاڵێکی دەستپێک بۆ هەماهەنگی لە داهاتوودا لەگەڵ سودان و ئەو وڵاتانەی دیکە کە ڕووبەڕووی ئالنگاری هاوشێوە دەبنەوە سەبارەت بە کەسانی بێ سەروشوێن و گۆڕە بەکۆمەڵەکان، خزمەت دەکات.
- کارایی و کوالێتی سۆراخکردن، دۆزینەوە و ناسینەوەی کەسانی بێ سەروشوێن بەهێزترکران لەڕێی بەخشینی کەرەستەی تەکنیکی و پشتگیری بۆ نوێکردنەوەی ژێرخان، کە شوێنی هەڵگرتن و شوێنی کارکردن، چارەسەری کاتی، باشترکردنی گۆڕستانەکان، هەروەها هاوکاری بەردەوام لە داڕشتنی ستانداردەکان و پلاندانان لەگەڵ هاوتا نیشتمانییەکانی لەخۆگرتبوو.

## کۆمیسیۆنە سێ قۆڵیەکان

- بە درێژایی ساڵی 2025، لە چوارچێوەی میکانیزمی عێراق/کوەیتدا، **پێنج** کۆبوونەوەی لیژنەی لاوەکیی تەکنیکی و دوو کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی سێقۆڵی ڕێکخران. لە ژێر هەمان میکانیزمدا، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور ئاسانکاری کرد بۆ ڕادەستکردنی **18** نموونەی ئێسک و پروسک، هەروەها **23** سێت ڕوفاتی مرۆیی و کەلوپەلی کەسی، لە عێراقەوە بۆ کوەیت.
- دە ڕوپێوی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (درۆن) و **شەش** ڕوپێوی ڕاداری ژێر زەوی لە سەرتاسەری عێراقدا ئەنجامدران، لەوانەش لە چوار شوێنە لەپێشینەکەی میکانیزمی عێراق/کوەیت. هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا، خولێکی ڕاهێنانی **120** کاژێری لە بواری شوێنەوارناسی پزیشکی دادیدا پێشکەش بە هاوبەشە نیشتمانییەکانی عێراق کرا.
- لە چوارچێوەی میکانیزمی عێراق/ئێراندا، **یەک** کۆبوونەوەی گروپی کاری تەکنیکی هاوبەش لە ئابادان، کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێکخرا، هەروەها **یەک** ڕاهێنانی چاودێریی زەبری تەقینەوە پێشکەش بە تیمە هاوبەشەکانی مەیدان کرا کە بەشداربوون لە سۆراخکردنی کەسانی بێ سەروشوێنی جەنگی ئێران و عێراقدا.
- **دوو** مەراسیمی ڕادەستکردنەوە ڕێکخرا، کە تێیدا **183** سێت ڕوفاتی مرۆیی گواسترانەوە، کە **47** یان بە فەرمی لەلایەن دەسەڵاتی پەیوەنداری هەردوو وڵاتەوە شوناس کرابوون.

## پشتگیری بۆ خێزانانی کەسە بێ سەروشوێنەکان

- **794** خێزان لە گشت ناوچەکانی وەک سەقڵاویە، باکوری بابل، سنجار، تەلەعفەر، ئەبوماریا، حەمام ئەلعەلی و خانکێ، لەڕێی بەرنامەی یاوەریکردنی فرە پسپۆڕی سەربە کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پشتگیریان وەرگرت، ئەمەش بۆ چارەسەرکردنی پێویستیەکانیان لەڕوی دەرونی کۆمەڵایەتی، ئابوری، یاسایی و کارگێڕییەوە.
- **67** یاوەر، لە نێوانیاندا خێزانانی کەسە ونبووەکان ڕاهێنانیان پێکرا لە سەر دروستی دەرونی، بەرنامەکانی پشتگیری دەرونی کۆمەڵایەتی، پارێزگاریکردن، لایەنی یاسایی، پرۆسەکانی پزیشکی دادوەری، بۆ باشتر یارمەتیدانی خێزانەکان.
- لە چوار پارێزگای عێراقدا، **1,273** کەس سوودمەند بوون لە چالاکیەکانی دروستی عەقلی و دەرونی کۆمەڵایەتی، کە پشتگیری ڕاستەوخۆی دەرونی کۆمەڵایەتی بۆ (**1,066** کەس)، جەلسە و ڕاهێنانەکانی زانیاری پێدان/ هەستیارکردنەوەیان لەخۆگرتبوو.
- وەک بەشێک لە بەرنامەی یاوەریکردنی فرە پسپۆڕی سەربە کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور، کار و چالاکی نۆژەنکردنەوە لە **سێ بنکەی کۆمەڵگەدا** لە موسەیب، سەقڵاویە و تەلەعفەر ئەنجامدرا، کە خێزانی کەسانی ونبوو تێیدا کۆدەبنەوە. کار و چالاکیەکان بریتی بوون لە نوێکردنەوەی هۆڵەکانی کۆبوونەوە و دامەزراوەکانی پاکوخاوێنی، باشترکردنی دەستوێڕاگەیشتن بۆ کەسانی بەساڵاچوو و خاوەن پێداویستی تایبەت، هەروەها دروستکردنی ناوچەی سەوزایی بۆ باشترکردنی بنکەکان.
- **807** کەس لە کەسوکاری کەسانی بێ سەروشوێن کۆمەکی ئابوری تایبەتکراویان وەرگرت بۆ کەمکردنەوەی ئەو سەختییانەی کە بەهۆی ونبوونی ئازیزانیانەوە ڕووبەڕوویان بوونەتەوە.
- **137** کەسوکاری کەسانی ونبوو، بەڵگەنامەکانی ناسنامەی نیشتمانی، بەیاننامەی مردن و پشتگیری سەرپەرشتیکردنیان وەرگرت بە پشتگیری سەندیکای پارێزەرانی عێراق و کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور. سەرەڕای ئەوەش، **207** داواکاری بەڵگەنامە هێشتا لە پرۆسەدان.
- **713** خێزان لە کۆمەڵگەکانیاندا کۆبوونەوە بۆ یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی کەسانی بێ سەروشوێن، لە کاتێکدا **55** خێزان، کە لە سنجار، خانکێ، تەلەعفەر، باکوری بابل و سەقڵاویە هاتبوون، بۆ یەکەمجار لە بەغدا کۆبوونەوە بۆ یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی کەسانی بێ سەروشوێن لە 28 ئاب.




M. Khalaf/ICRC

# لێقەوماوانی دۆخی تەنگەتاوی مرۆیی

پارێزگاریکردنی هاوڵاتیانی مەدەنی لە کاتی ناکۆکی چەکداریدا، لەوانەش گروپە لاواز وبەرگەنەگرەکان وەکو ژنان، بەساڵاچوان، منداڵان و ئاوارەکان کۆڵەکەی سەرەکی یاسای مرۆیی نێونەتەوەییە. بە هەمان شێوە، کارمەندانی چاودێری تەندروستی، کارمەندانی بەدەمەوەچوونی دەستبەجێ و کارمەندانی مرۆیی پێویستە پارێزراو بن و بتوانن بەبێ بوونی بەربەست کارەکانیان جێبەجێ بکەن لە هەموو کاتێکدا. وەک پەرەپێدەر و پارێزەری یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور هەوڵدەدات دڵنیابێت لەوەی کە وڵاتانی لایەن لە رێککەوتننامەکانی جنێڤ پابەندبن و رێزدەگرن لە رێککەوتننامەکانی جنێڤ لە هەموو بارودۆخێکدا.

بە درێژایی ساڵی 2025، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەردەوام بوو لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان و رۆڵگێڕە کاریگەرەکان لە سەرانسەری عێراقدا بۆ پێشخستنی رێزگرتن و پشتگیری لە یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی. هەروەها کۆمیتە بەردەوام بوو لە پشتگیری کردنی گروپە بەرگەنەگرەکان، لەوانەش ئاوارە و گەڕاوەکان، هەروەها بەردەوامیدا بە پشتگیریەکەی بۆ دەسەڵاتداران بۆ چارەسەرکردنی دەرئەنجامەکانی ناکۆکی چەکداری لە ناوچە شارنشینەکاندا. هەروەها بە هاوکاریکردن لەگەڵ هاوبەشەکانی لە بزوتنەوە و لەگەڵ دەسەڵاتداراندا، ئامادەکاری و بەدەمەوەچوونی فریاگوزاری برەوپێدا، بە تایبەتی بە گرنگی پێدان بە کۆنترۆلکردنی رووداوەکانی قوربانی لێکەوتنەوەی بەکۆمەڵ و بە شێوەیەکی فراوانتر لەسەر رێکخستنی گەیاندنی خزمەتگوزاریە فریاگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی.

## پشتگیری چاودێری تەندروستی

- نزیکەی **327** کەس لە بواری فریاکەوتنی سەرەتایی و چاودێری فریاگوزاری پێش- نەخۆشخانە و راهێنانی تایبەتمەند بە چاودێری فریاگوزاری، راهێنانیان پێکرا.

## کۆمەکی فریاگوزاری و پشتگیری دوورمەودای بژێوی

- **125** کەس کۆمەکی نەختینەیان وەرگرت بۆ پشتگیریکردن لە چاندنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان، کە ئەمەش بۆ هاندانی خۆگونجاندنیان بوو لەگەڵ شێوازەکانی کشتوکاڵی (کەشوهەوا-زیرەک)، لە نێوانیاندا باشترکردنی دەستوێڕاگەیشتن بە ئاودێری.
- **1,122** خێزانی وابەستە بە ئاژەڵداری سوودمەند بوون لە کۆمەکی نەختینەیی بۆ کڕینی مەڕو ماڵات بۆ زاوزێ و بۆ دەستەبەرکردنی ئالیک تەنانەت لە ناوچە دوورەکانیشدا. لەنێو ئەمانەدا، **316** خێزان لە ڕیاز ئالیک و کوپۆنیان وەرگرت بۆ سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزاریەکانی کلینیکی ڤێتێرنەری، لە کاتێکدا **463** خێزان راهێنانیان لە بواری بەڕێوەبردنی ئاژەڵداری وەرگرت.
- **280** کەس کۆمەکی نەختینەیان وەرگرت بۆ گەڕاندنەوەی توانای داهات بەدەستهێنانیان و پشتگیری کردنی خێزانەکانیان. هەر یەکێک لەو سودمەنبوانە بەشداریان کرد لە راهێنانێک کرد تایبەت بە کارامەییەکانی بازرگانی بە مەبەستی باشترکردنی تواناکانیان.
- **44** کەس، کە لێقەوماوی رووداوەکانی ئەم دواییە، یان توندوتیژی بوون یان کەسانی بەرگەنەگر بوون، کۆمەکی نەختینەیی فرە مەبەستیان وەرگرت بۆ دابینکردنی پێداویستیە سەرەکی و بەپەلەکانیان.
- **67** کەس لە لێقەوماوانی پەیوەست بە بۆمبە نەتەقیوەکان، کۆمەکی نەختینەیی فرە مەبەستیان وەرگرت بۆ دابینکردنی پێداویستیە سەرەکی و بەپەلەکانیان.
- کەرەستە کشتوکاڵیەکان بەخشران بە بەشی توێژینەوەی کشتوکاڵی نەینەوا لە موسڵ بۆ دامەزراندنی شوێنێکی نمایشی بۆ چاندنی گەنمەشامی و پرۆسێسکردنی، ئەمەش بۆ دڵنیابوونەوە لە دابینکردنی ئالیک بە بەردەوامی بۆ ئاژەڵداری و نۆژەنکردنەوەی کێڵگەی زەیتون وەک سەرچاوەیەکی بۆماوەیی بەنرخ.

## دابینکردنی ئاو و پەرەپێدانی ژێرخان (پڕۆژەی ئاوی نەینەوا)

- لە چوارچێوەی پڕۆژەی چەند ساڵەی چاکسازیی ئاوی نەینەوا و بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگای فەڕەنسی بۆ گەشەپێدان، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەردەوام بوو لە پشتگیری کردنی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی نەینەوا لە موسڵ و تەلەعفەر بۆ نۆژەنکردنەوە و بەهێزکردنی خزمەتگوزاریەکانی ئاو. لە ساڵی 2025دا، کار و چالاکیەکان تیشکیان خستە سەر کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی ئاو و باشترکردنی ئەدای سیستەم لە تۆڕی دابەشکردنی موسڵدا، نۆژەنکردنەوە و نوێکردنەوەی سیستەمی گواستنەوەی ئەبو ماریا، باشترکردنی سیستەمی چاودێری، ئاگادارکردنەوە و چاککردنەوەی وێستگەی پاڵاوتنی ئاوی بۆوەر و دەستپێکردنی فراوانکردنی تۆڕی دابەشکردن لە تەلەعفەر.
- پشتگیری دامەزراوەیی تەواوکەری کار و چالاکیەکانی ژێرخان بوو، لەوانەش خستنەڕووی راسپێریەکی تەکنیکی بۆ ئەردەن بۆ رابەرانی بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی نەینەوا، کە تیشکی خستبوە سەر چاودێریکردن و پراکتیزەکانی بەڕێوەبردنی ئاو. هەروەها پشتگیریەک دەستی پێکرد بۆ بەهێزکردنی توانای پەیوەندیکردن و بەشداری گشتیی بەڕێوەبەرایەتیەکە، کە راهێنان و رێنمایی لەخۆگرتبوو سەبارەت بە پەیوەندیی رێکخراو و بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا.

## بەرنامەی پشتگیری چاودێری فریاگوزاری

- **76** کارمەندی هێڵی یەکەمی ئەمبوڵانس، راهێنانی پێکهاتەکانی خزمەتگوزاری پزیشکیی فریاکەوتنیان تەواو کرد (کۆرسەکانی بەدەمەوەچوونی پزیشکیی فریاکەوتن، تەکنیککاری پزیشکیی فریاکەوتن و راپەڕاندنی دەمودەستی پزیشکیی فریاکەوتن) بۆ بەهێزکردنی توانای بەدەمەوەچوونی فریاگوزاری پێش-نەخۆشخانە لە بەغدا و موسڵ. گرووپێک لە **16** راهێنەری خزمەتگوزاری پزیشکیی فریاکەوت لەناو وەزارەتی تەندروستی لە بەغدا و موسڵ راهێنانیان وەرگرت.
- **183** پسپۆڕی چاودێریی تەندروستی راهێنانیان وەرگرت لەسەر بەشی فریاکەوتن لە بوارەکانی لەپێشینەیی (تریاژ)، رەوتی نەخۆش، زیندووکردنەوە، هەروەها خولی چاودێریی سەرەتایی فریاکەوتن. گرووپێک لە **8** راهێنەری ئامرازی تریاژی یەکخراوی نێوبژایەتی و **6** راهێنەری چاودێریی سەرەتایی فریاکەوتن لەنێو ستافی کلینیکی وەزارەتی تەندروستیدا لە بەغدا و موسڵ راهێنانیان وەرگرت.
- بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور **یەکەم کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی فریاکەوتنی عێراق** لە 23-22 تشرینی یەکەم لە بەغدا رێکخست، کە زێدەتر لە **350** بەشداربووی لەخۆگرتبوو، لەوانەش بەرپرسانی باڵای وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانەکان، پزیشکانی فریاکەوتن، پەرستاران، کارمەندانی چاودێریی سەرەتایی فریاکەوتن و پسپۆڕانی نێودەوڵەتی.
- لە ژێر بەرنامەی پشتگیری چاودێری فریاکەوتن، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور هەستا بە ئەنجامدانی چاکسازی بۆ ژێرخان و سیستەمەکان بۆ بەهێزکردنی توانستی خزمەتگوزاریە پزیشکیەکانی فریاکەوتن، ئەمەش بە هاوبەندی کار و چالاکیەکانی نۆژەنکردنەوە لەگەڵ پشتگیری ئەندازیاریی تەکنیکی بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی پەیوەست بە دامەزراوەکان و یاوەریکردنی وەزارەتی تەندروستی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەرنامەکە.
  - نهۆمێک نۆژەن کرایەوە و کەلوپەلی بۆ دابینکرا بۆ ئەوەی وەک بنکەیەکی راهێنانی خزمەتگوزاری پزیشکی فریاکەوتن کار بکات.
  - دامەزراوەی نیشتەجێبوونی خزمەتگوزاریە پزیشکیە فریاکەوتنە کارپێکەرییەکان نۆژەن کرایەوە بۆ میواندارێکردنی راهێنراوان لە پارێزگاکانی دیکەوە، کە دانانی سیستەمێکی وزەی خۆریشی لەخۆگرت بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی کارەبا.
  - کار و چالاکیەکان بۆ باشترکردنی ڕەوتی نەخۆشەکان و رێکخستنی ناوخۆیی بەشی فریاکەوتن لە ساڵی 2025 دەستی پێکرد، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی تواناداری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری.

## پشتگیری ئاو و نیشتەجێبوون بۆ کۆمەڵگە بەرگەنەگرەکان

- **7,340** کەس لە ئاوارە ناوخۆییەکان کە لە کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی کیلۆ 7 دەژین، سوودیان وەرگرت لە باشترکردنی دابینکردنی کارەبا.
- **100** فێرخواز لە قوتابخانەی کۆلیت لە هەرێمی کوردستان سودمەند بوون لە دەستوێڕاگەیشتنی باشتر و دۆخی خوێندنی باشتر پاش نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکە.
- **125** فێرخواز لە قوتابخانەی شێخ ئەحمەد لە دیالە دەستوێڕاگەیشتنیان بە خزمەتگوزاریەکانی پاکوخاوێنی و تەندروستی باشتر کرا.

## پەیوەندی و داکۆکیکردن

- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور **بەردەوام لە پەیوەندیدابوو** لەگەڵ هەڵگرانی چەک و رۆڵگێرە کاریگەرەکان لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڵاتیانی مەدەنی، بەرپاکردنی کردە جەنگیەکان، سەلامەتی کارمەندانی تەندروستی، جێبەجێکردنی یاسا، گەڕانەوەی شکۆمەندانە و چارەسەری دوورمەودا.

## پیسبوون بە چەک

- لەڕێی هۆشیارکردن لەسەر مەترسی و هەڵسوکەوتی سەلامەت، **11,642** کەسی نیشتەجێی ناوچە پیسبووەکان بە چەک، ئاگادار کرانەوە سەبارەت بە مەترسیەکان و هەڵسوکەوتی سەلامەت بۆ کەمکردنەوەی بەرگەنەگرییان.

# کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

لە ساڵی 2025دا، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور دڵنیاییدا لەوەی کە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە شێوەیەکی کاریگەر دەستیان دەگات بە خزمەتگوزاریەکانی بوژاندنەوەی جەستەیی بەردەوام و کوالێتی بەرز و بە ئامێرە یاریدەدەرەکان. هاوکات، ساڵی 2025 قۆناغی کەم کردنەوەی کار و چالاکیەکانی پرۆگرامی بوژاندنەوەی جەستەیی بوو لە عێراقدا بە شێوەیەکی ستراتیژی، کە بەهۆی لەپێشینەدانانی دامەزراوەیی و سنووردارێتی بودجەوە سەری هەڵدا. لە ئەنجامدا، بڕیاردرا کە کاریگەریی کار و چالاکیەکانی بەرنامەی بوژاندنەوەی جەستەیی کەم بکرێتەوە. هەموو چالاکییەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی بەرنامەی بوژاندنەوەی جەستەیی لە عێراقی فیدراڵیدا لە کانوونی یەکەم 2025 کۆتاییان هات، لە کاتێکدا رادەستکردنی قۆناغ بە قۆناغی بنکەی هەولێر بۆ بوژاندنەوەی جەستەیی خێراترکرا و رادەستکردنەوەیەکی کات بۆ دیاریکراو لە ئێستادا لە جێبەجێکردندایە.

## پشتگیری بۆ کاری بنکەکانی بوژاندنەوەی جەستەیی

- **13,292** ژن، پیاو و منداڵ سوودمەندبوون لە خزمەتگوزاریەکانی بنکە حکومیەکانی بوژاندنەوەی جەستەیی کە لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە پشتگیریان لێدەکرێت یان لەلایەن بنکەی هەولێر بۆ بوژاندنەوەی جەستەیی.
- **31** بەخێوکەری خێزان کە خاوەن پێداویستی تایبەت بوون لەلایەن بنکەکانی بوژاندنەوەی جەستەیی رەوانەکران و کۆمەکی نەختینەیان وەرگرت بۆ دەستپێکردنی کاری بچوک.

## راهێنانەکان


- **15** تەکنیککار لە بنکەی بوژاندنەوە جەستەیی جودا لە سەرانسەری وڵاتدا بەردەوامن لە وەرگرتنی راهێنان لەسەر پەلی دەستکرد و پاڵپشتی دەستکرد لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، وەک بەشێک لە پرۆگرامی بەکالۆریۆس کە بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پەرەی پێدراوە. یەکەم گروپ، کە پێکهاتبوو لە **15** فێرخواز لە مانگی حوزەیرانی 2024 دا بە سەرکەوتوویی دەرچوون و بەشەکەیان تەواو کرد. بەرنامەی راهێنانەکە لەلایەن کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ پەلی دەستکرد و پاڵپشت بڕوانامەی رێپێدانی وەرگرت. تا مانگی حوزەیران 2026، بە کۆی گشتی **30** دەرچوو بە سەرکەوتوویی پرۆگرامەکە تەواو دەکەن.

## پشتگیری دارایی

- **304** کەس پشتگیری داراییان وەرگرت بۆ دابینکردنی تێچووی گواستنەوە لە شوێنی خۆیانەوە بۆ بنکەکانی بوژاندنەوەی جەستەیی و پاشانیش گەڕانەوەیان.

## کەمکردنەوەی کاریگەری پیسبوون بە چەک

- نزیکەی **11,642** کەس لە کۆمەڵگە مەترسی لەسەرەکان یان زیانپێکەوتوەکان پشتگیری کران لەڕێی دانیشتنی روبەرووی هۆشیارکردنەوە لە مەترسی و رەفتارکردنی سەلامەت.
- زیاتر لە **213** کارمەندی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور و بزوتنەوەی مانگی سوور/خاچی سوور لە بواری مەترسیەکانی پیسبوون بە چەک و تەقەمەنی، راهێنانیان پێکرا.


M. Khalaf/ICRC



M. Khalaf/ICRC

# هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق

لە ساڵی 2025دا، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەردەوام بوو لە هەماهەنگیەکانی لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقیدا، بۆ پێشکەشکردنی بەدەمەوەچوونی مرۆیی بەرزەفت و کاریگەر بۆ پێویستیە سەرەکیەکان لە عێراقدا. جەخت کردن لەسەر باشترکردنی هەماهەنگی بوو لەگەڵ بزوتنەوە هاوبەشەکانی دیکە بۆ ئامادەکاری بۆ بارودۆخە فریاگوزاریەکان و بەهێزکردنی بەدەمەوەچوونە بەرنامەییەکان لە بواری جودادا، وەک کەمکردنەوەی مەترسی کارەسات، فریاگوزاری، تەندروستی، دەستوێڕاگەیشتن بە ئاو، یەکگرتنەوەی خێزانەکان و گۆڕانی کەشوهەوا. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پەرەی بە پێشکەوتنی کۆمەڵەی نیشتمانیدا لە بەهێزکردنی توانستی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق بۆ ئەنجامدانی کاری مرۆیی بەرزەفت و سەلامەت؛ هەروەها بۆ پتەوکردنی بەردەوامیدان بە ئۆپەراسیۆنە سەرەکیەکانی.

## هاوبەشیکردن بۆ کردەی مرۆیی

- **حەوت** ڕێکەوتنی هەماهەنگی ئۆپەراسیۆنی لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق واژۆکرا لە بوارەکانی هەماهەنگی، لەوانەش دەستوێڕاگەیشتنی سەلامەتتر، بەرەودان بە کۆمەڵەی نیشتمانی، چاودێری تەندروستی لە مەترسیدا، ئامادەکاری فریاکەوتنی کۆمەڵگەی تەندروستی، ئاو و نیشتەجێبوون، دڵنیایی ئابوری، پارێزگاریکردن لە پەیوەندیە خێزانیەکان، پەیوەندیەکان و پیسبوون بە چەک.
- **770** بەڵگەنامە دابینکرا بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق، کە گەواهیدەر بوون بۆ دەستبەسەرکردنی دیلەکانی پێشووی جەنگ، یان ئەوانەی لە میانی ناکۆکیە چەکدارەکانی ڕابردودا گیرابوون و لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە لە گرتوخانەکاندا بینرابوون.

## خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی، ئاو و نیشتەجێبوون

- کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور هاوکاری کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق کرد لە گەیاندنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانی بە پشتگیریکردنی **هەشت** ئەمبولانس کە لە سەرانسەری **دوو** پارێزگادا بەشێوەیەکی کاریگەر بەرکاربوون، بۆ بەدەمەوەچوون لە کاتی لافاودا و لە دۆخی فریاگوزاری لە کاتی گردبوونەوەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور تیمەکانی بەدەمەوەچوونی فریاگوزاری کۆمەڵگەی لە بەغدا، موسڵ و هەولێر دامەزراند، ئەمەش لەڕێی ڕاهێنان پێکردنی **80 خۆبەخشی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق** کە ئەوانیش **100** ڕاهێنانی هەستیارکردنیان لەسەر ڕووداوەکانی قوربانی بە کۆمەڵ بۆ کۆمەڵگە ناوخۆییەکان ئەنجامدا، بەمەش ژمارەکە گەیشتە **2,310** ئەندامی کۆمەڵگە.
- **یازدە** خۆبەخشی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە ڕاهێنانیان پێکرا سەبارەت بە کۆرسی بەدەمەوەچوونی زەبر، ئەمانە بە بەشێک لە تیمی نیشتمانی بەدەمەوەچوونی فریاگوزاری کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق ڕەچاو دەکرێن.
- بەهێزکردنی کۆگای ئامادەکاری بەدەمەوەچوونی فریاگوزاری کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق لەڕێی کڕینی **300** جانتای فریاگوزاری سەرەتایی پڕکەرەستە.

- **چوار** یەکەی نوێی پاکژکردنەوەی ئاو کە بە وزەی خۆر و سیستەمی دەڵاندن کاردەکەن، دانران، کە ئاوی خواردنەوە بۆ **6,300** دانیشتوانی پارێزگاکانی دیوانیە، موسەنا و میسان دابین دەکەن.
- **سێ** گوند لە پارێزگاکانی زیقار، واست و بابل سوودمەندبوون لە باشترکردنی پرۆژەی دابینکردنی ئاو کە بە وزەی خۆر کار دەکەن، کە ئەمەش سوود دەگەیەنێت بە **5,400** دانیشتوان.
- بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق و خاچی سووری نەرویجی، **75** جەلسەی هۆشیارکردنەوە سازدرا کە تێیدا جەخت خرایە سەر کاریگەریە زیانبەخشەکانی هێرشکردنە سەر کارمەندان و دامەزراوەکانی چاودێری تەندروستی، هەروەها گرنگی دڵنیابوون لە دەستوێڕاگەیشتنی سەلامەت بە خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی، لە **دوو** شوێن، کە تیایاندا **932** ئەندامی کۆمەڵگە بەشداربوون. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق راپرسی کاریگەری چاودێری تەندروستی لە مەترسیدا ئەنجامدا لە چوار پارێزگادا، کە نزیکەی **400** راپرسی لەخۆگرتبوو و ئاراستەی نزیکەی **64** دامەزراوەی تەندروستی کرا.
- بە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق، **48** جەلسەی ئاشنایی لەسەر توندوتیژی جێندەری لە چەند کۆمەڵگەیەکی هەڵبژێردراودا ئەنجامدران، کە تیایاندا **3,006** کەسی سوودمەند لە **شەش** پارێزگادا بەشداربوون.

## پشتگیری ژێرخان

- لقی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق لە بابل بە سیستەمی وزەی خۆر بە توانای **65 کیلۆوات** نوێکرایەوە.

## بەدەمەوەچوونی فریاگوزاری

- وێرکشۆپێکی هاوبەشی ئاو، ئاوەڕۆ و پاکوخاوێنی لە بارودۆخی فریاکەوتندا لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە رێکخرا و بەڕێوەچوو، کە نوێنەرانی مانگی سووری سوریای عەرەبی و کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق کۆکردەوە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و ئەزمونی کارپێکردن. بە گشتی 25 خۆبەخشی بواری ئاو، ئاوەڕۆ و پاکوخاوێنی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق لە چەندین لقی جیاوازەوە، لەڕێی ئەم دەستپێشخەرییەوە توانای بەدەمەوەچوونی فریاگوزاریان بەهێزتر کرد.
- بۆ بەهێزکردنی ئامادەیی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق بۆ بەدەمەوەچوونی فریاگوزاری، کۆگای ئامادەکاری ئاو، ئاوەڕۆ و پاکوخاوێنی دابینکرا بۆ پشتگیریکردنی دەرچوونی خێرا و باشترکردنی وەڵامدانەوەی کارپێکەری لە بارودۆخی قەیرانەکاندا.

## تواناسازی

- چوارچێوەی دەستوێڕاگەیشتنی سەلامەتتر: **278** کارمەند و خۆبەخشی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق بەشداربوون لە چالاکیە پەیوەندارەکانی چوارچێوەی دەستوێڕاگەیشتنی سەلامەتتر، کە راهێنانی تواناسازی ئامانجدار بۆ کارمەندان و خۆبەخشەکانی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق و مێزگردی چوارچێوەی دەستوێڕاگەیشتنی سەلامەتتر لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان لەخۆگرت؛ **250** ڤێستی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق دابینکران بۆ پشتگیریکردنی بەبەرچاوەبوون، هەروەها **چوار** کتێبخانەی بچووکی لاوەکی دامەزران بۆ برەودان بە زانیاری و هۆشیاری.
- پەرەپێدانی کۆمەڵگەی نیشتمانی: پشتگیری لە **پێنج** لقی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق کرا لەڕێی چالاکیەکانی پەرەپێدانی لقەکانەوە، لەگەڵ پشتگیری دامەزراوەیی بۆ کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق بۆ پەرەپێدانی پلانەکانی "پلاندانان، چاودێری، هەڵسەنگاندن و راپۆرتکردن" و دارایی.
- هاوبەشی کارپێکەری: **حەوت** رێکەوتنامەی هاوکاریی کارپێکەری لە نێوان کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور و کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقیدا پشتگیریان لە چالاکیە مرۆییە هاوبەشەکان کرد لە چەندین بواری بابەتیی جیاوازدا.
- توندوتیژیی سێکسی و لەسەر بنەمای جێندەری: **35** بەشداربووی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراق بەشداریان لە وێرکشۆپێکی فێرکاری و راهێنانی پەیوەندار کرد سەبارەت بە شێوازەکانی پەیوەندیکردنی سەلامەت کە پەیوەست بوو بە توندوتیژی لەسەر بنەمای رۆڵە کۆمەڵایەتیەکان.
- **23** کارمەند و خۆبەخش بەشداریان لە وێرکشۆپێکی دڵنیایی ئابوریدا کرد کە بریتی بوو لە بەدەمەوەچوونی فریاگوزاری، کۆمەکی نەختینەیی و پسولەدار، هەروەها گۆڕانی کەشوهەوا.

# فەراهەمکردنی ژینگەی لەبار بۆ کارکردن

## دەستوێڕاگەیشتن و قبوڵکردن

کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەردەوامیدا بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندارەکان، بەتایبەتی حکومەتی عێراق، بۆ دڵنیابوون لە دەستوێڕاگەیشتنی بێ بەربەست بە لاوازترین دانیشتوانان لە عێراقدا. لە ساڵی شەشەمی کارکردنیدا، ناوەندی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەی سەر بە کۆمیتە بەردەوام بوو لە کارکردن وەک یەکەمین هێڵی پەیوەندی بۆ هاوڵاتیان، ئەمەش وایکردوە کە ئەو کەسانەی کاریگەریەکانیان کەوتۆتە سەر بتوانن پرسیارەکانیان، داواکاریەکانیان و سکاڵاکانیان بخەنەڕوو. لە هەمان کاتدا ناوەندەکە زانیاری سەبارەت بە چالاکیەکانی کۆمیتەو پێودانگەکانی هەڵبژاردن بۆ پرۆگرامەکان، دابین کرد و بەدواچوونی کرد بۆ هەندێ لە بار و داخوازیەکان.

## پەیوەندی کردن و دیالۆگ

- **150** کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای حکومەت، لەوانەش نوسینگەی سەرۆک وەزیران، وەزارەتی کاروباری دەرەوە و وەزارەتە هاوبەشەکانی دیکە، دەزگائەمنیەکان هتد.
- **82** کۆبوونەوە لەسەر ئاستی باڵا لەگەڵ دەسەڵاتە سەربازیەکان و ئەمنیەکان سازدرا.
- **29** جەلسەی ڕاهێنان بۆ هێزە چەکدارەکان و ئەمنیەکان ئەنجامدرا بە بەشداربوونی وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی ناوخۆ.
- **حەوت** کەس لە هاوبەشان لە هێزە چەکدار و ئەمنیەکان لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کران بە مەبەستی ڕاهێنان و پەرەپێدانیان.

## سەرنج و بۆچوونی کۆمەڵگە

- زیاتر لە **16,355** پەیوەندی وەرگیراوە لەلایەن ناوەندی پەیوەندیەکانی کۆمەڵگەی سەربە کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورەوە – ئەمەش پرسیارەکان لەلایەن خێزانانی کەسانی بێ سەروشوێن و دەستبەسەرکراو دەگرێتەوە، هەروەها داواکاریەکان بۆ وەرگرتن لە نێو بەرنامەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور و سکاڵاکردن دژی پێودانگەکانی هەڵبژاردن.
- نزیکەی **2,453** پرسیار و داواکاری لە کەسانی زیانلێکەوتوو وەرگیران لەلایەن ناوەندی پەیوەندیەکانی کۆمەڵگەوە، پاشانیش پرۆسەکران و چارەسەرکران.



M. Khalaf/ICRC

کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لە ساڵی 1863ەوە لە هێڵی پێشەوە بووە بۆ مرۆڤایەتی، کاردەکات بۆ پارێزگاریکردن لە کەرامەتی مرۆڤ و کەمکردنەوەی مەینەتی خەڵک لە هەرکاتێک جەنگ یان توندوتیژیی چەکداری روبدات.

ئێمە لە زێدەتر لە 90 وڵاتانی جیهاندا ئامادەبوونمان هەیە و بە شلگیرانە کار دەکەین بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی بەوانەی زۆرترین پێویستییان پێیەتی، بەبێ گوێدانە رەگەز، ئایین، جێندەر یان سیاسەت. بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوبەشەکانمان لە خاچی سوور و مانگی سوور لە سەرانسەری جیهاندا، هەموو توانایەکمان دەخەینەگەڕ بۆ گەیاندنی کۆمەکی ژیان رزگارکەر لەهەردوو بەرەی هێڵەکانی پێشەوە، بەیەکگەیاندنەوەی خێزانەکان و سۆراخ کردنی کەسە بێ سەروشوێن بوەکان. ئێمە هانی دەسەڵاتداران دەدەین بۆ ئەوەی رێمان پێبدەن سەردانی دەستبەسەرکراوەکان بکەین و هەوڵ دەدەین بارودۆخی ژیانیان باشتر بکەین.

ئێمە بە شێوەیەکی چالاکانە لەگەڵ دەسەڵات و هێزە چەکدارەکانی سەر بە هەموو لایەنەکان مامەڵە دەکەین، هانیان دەدەین ئەرکی خۆیان بەپێی رێکەوتنامەکانی جنیڤ جێبەجێ بکەن بۆ پارێزگاریکردن لەو کەسانەی کە شەڕ ناکەن لە هەموو زیانێک، لەنێویاندا لە بواری دیجیتاڵیدا. ئێمە گفتوگۆی هەستیار ئەنجام دەدەین، زۆرجار بە دوو قۆڵی و بە شێوەی نهێن پارێز، بە مەبەستی رێگریکردن لە زیانی زێدەتر و یارمەتیدانی هەموو لایەنەکان بۆ پابەندبوونی باشتر بە یاسای مرۆیی نێونەتەوەییەوە.

لە دژوارترین کاتەکاندا، داکۆکی لە هەستی مرۆڤایەتی هاوبەشمان دەکەین لە رێی بڵاوکردنەوەی یاساکانی جەنگ و بەدەستهێنانی پشتگیری جیهان بۆ ئەوەی داوا لە دەسەڵاتەکان بکەین کە بە شێوەیەکی کاریگەر ئەم یاسایانە جێبەجێ بکەن.

وێنەی بەرگ: M. Khalaf/ICRC
2026.2533/264 04.2026 0000

www.icrc.org/iq
facebook.com/icrciq
twitter.com/icrc_iq
instagram.com/icrc_iraq

International Committee of the Red Cross
19, avenue de la Paix
1202 Geneva, Switzerland
T +41 22 734 60 01
shop.icrc.org
© ICRC, April 2026

**نێردەی عێراق**
سندوقی پۆستە 3317 نوسینگەی پۆستەی (العلویە)
بەغداد - عێراق
تەلەفۆن 4614/5 196 780 964+
تەلەفۆن 800 22222 (بێبەرامبەر)
© کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور - نیسان 2026.

ICRC